

# مەملەكەتی دەرگاكان

## "سەفەرێكی ئەفسانەیی، كەرنەڤاڵێكی بێكۆتایی"

(شكاندنی زەمەن‌و تێپەڕاندنی سنورەكانی روانین لەقەسیدەی (دەرگاكان)ی بەختیار عەلی‌دا)

**ئاسۆ جەبار**

**تەنیا زمانە كە دەمێنێت. (فلۆپێر)**

**هەر وشەییەك واتایەكی شاراوە، بەڵام حاشاهەڵنەگرو تاقانەی هەیە ئەركیشی ئاشكراكردنی ئەم واتایەیە.(پارت)**

**ئەدەبیات یان هەموو شتێكە، یان هیچ شتێك. "ژۆرژ باتایی"**

دنیای دەرەوەی ترادسیۆنی رۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و هونەری دنیایەكە لێوانلێو لەجیاوازی، دنیاكە بۆ دۆزینەوەی كلێشەسازییەكی دیكەی روانین، خەیاڵگەیەكە بۆ گەڕان بەدوای نەبینراوەكاندا، دنیای پاش كاریزما بچوكەكانەو دنیای دەرەوەی میتافیزیكاو دەرەوەی خەیاڵگەیەكە سنوردارو دیاریكراو، دنیایەكە لەدەرەوەی حیكایەتە بچوكەكان‌و خەیاڵگەیەكە بۆ دۆزینەوەی ناكۆكی‌و بەرپاكردنی ململانێیەكی مەعریفی‌و بوونگەرایانە لەگەڵ واقع‌و ئەو نەریتی بیركردنەوەیەی دنیا دابەشدەكات بۆ بازنەیەكی دیاریكراوی روانین‌و دنیابینیەكی هەژار.

**فەلسەفەیەكی جیاواز**

فەلسەفەی دروستكردنی گومان، فەلسەفەیەكە بۆ كاڵكردنەوەی دیوارەكانی یەقین‌و سەرلەبەری ئەو رەهاگەرانەی دەكەونە نێو  هزرو یادەوەری‌و ئایدیاكانی مرۆڤەوە، هەوڵێكە بۆ ئاشتكردنەوەی مرۆڤ بە سەرتاكانی هزرو خەیاڵ‌و فەنتازیاكانی خۆی، بە ئەندازەیەك گەڕانە بەدوای هەرچی نادیارێكدا لەدەرەوەی دەرگا داخراوەكانی یادەوەری‌و دیوارە بەرزەكانی یەقین‌و خەیاڵە كۆنكرێتییەكانی ئایدیا داخراوەكان.

گومان شتێكە لەدەرەوەی حیكایەتە گەورەكان‌و خەیاڵێكە لەدەرەوەی ستراكچەری ئایدیاكانی ئێمەوە بیردەكاتەوەو لەهەوڵی بڕینی سنورەكانی یەقیندایەو بەردەوام كار لەسەر فراوانكردنی رووبەرەكانی روانین دەكات‌و لەهەوڵی كۆكردنەوەی دنیابینییەكدایە جیاوازتر لەقەوارەو كاریگەریی، بە ئەندازەیەك كە ئایدیاكان‌و حیكایەتەكان لەتوانایاندا نەبێت رامیبكەن‌و لەسەرزەمینە داخراوەكانی رەهاگەرایەتی‌دا پێكهاتەی ئەو كلێشەیەی لێدروستبكەن كە هەریەك لەئێمە تاكەیەك هزرو تاكەیەك روانیمان هەبێت بۆ دنیاو لەنێو تاكەیەك خەیاڵگەدا هەرچی گومانەكانی خۆمان هەیە بیدەینەوە دەست ئەو قەدەرە نادیارەی كە غەرقی جەهلێكمان دەكات پڕ لەگوناهی هەستكردن بە گومان، پڕ لەشەرمەزاری دەرچون لەترادسیۆن‌و هزری باو و روانینێكی فەرهەنگی لەكولتورێكی فەقیرەوە بۆ خەیاڵگەیەكی هەژاری كورتمەودا.

ئۆكتافیۆ پاز سەبارەت بە شیعر دەڵێت: "لەنێوان ئەوەی دەیبینم‌و ئەوەی دەیڵێم‌و ئەوەی بە بێدەنگی دەیهێڵمەوە لەنێوان ئەوەی بە بێدەنگی دەیهێڵمەوەو ئەوەی خەونی پێوە دەبینم لەنێوان ئەوەی خەونی پێوە دەبینم‌و ئەوەی لەیادی دەكەم..... شیعرە"، تێڕوانینەكانی ئۆكتافیۆ پاز بۆ شیعر هێندەی تێڕوانینێكی قوڵە بۆ دۆزینەوەی رایەڵەكانی ئەو سەزەمینە لێكترازاوەی كە پێكهاتەی پانتاییەكی گەورەی دنیابینی‌و وێناكردنە، هێندەش رەهەندێكی قوڵە لەنێوان

بینین‌و بێدەنگی‌و خەون‌و بیرکردنەوە.

قەسیدەی دەرگان هێندەی شەرێکی گەورەیە لەگەڵ زەمەندا، هێندە دەقێکی بەرجەستەکراوی فەلسەفی نییە بۆ وێناکردنی رەهاگەرایی‌و دۆزینەوەی حەقیقەت، هێندەش داڕشتنێکی زمانەوانی نییە گەمە بە یادەوەری‌و حیکاتەکانی ئێمە بکات‌و بمانباتەوە سەر سەرچاوە دوورەکانی حیکایەتێك کە هەموومان لەتاکەیەك خانەی فەرهەنگیدا کۆدەکاتەوە، ئەم قەسیدەیە بەرلەوەی ژانرێکی ئەدەبی جیاوازبێت، فەلسەفەیەکی نوێیە لەدنیابینیدا، ئەم روانینە کە هەڵگری گومانی گەورەو دروستکەری خەیاڵدانێکە پڕ لەپرسیارو ململانێ‌و کۆکردنەوەی دژەکان لەکایەکی بەرفراوانی ژیاری تاکەکەسێکدا کە ستراکچەرە بونیادییەکانی زەمەن تێکدەشکێنێت‌و سەرلەبەری ئەو خەیاڵە قەدەغەکراوە بۆ زەمەن کاڵدەکاتەوەو پۆلێنکارییەکی جیاواز بۆ دابەشکردنەوەی زەمەن بە فۆرمێکی دیکەو لەوێناکراوێکی دیکەدا بەرهەمدەهێنێت.

زەمەن لەمانا هەرە ئینسایکلۆپیدییەکەیدا دابەشدەبێت بەسەر رابردوو، ئێستاو داهاتوو، بەڵام لەقەسیدەی دەرگاکاندا تۆی خوێنەر لەبەردەم زەمەنێکی دیاریکراودا نیت، بەڵکە لەبەردەم زەمەنێکی ئاڵۆزو هەلاهەلادایت‌و سەرلەبەری ئەو وێناکراوە گشتییەت بیردەباتەوە کە لەسەر زەمەن‌و دابەشبوونەکانی لەلات گەڵاڵەبوون. ئەو خەیاڵەت بۆ پڕدەکات لەگومان‌و مەودایەکی نادیاریکراوی زەمەنت بۆ دەکات بە هەزاران هەنوکەی وێکنەچووی جیاوازەوە.

ئەو دەیەوێت گرفتاری ئێستایەکت بکات لێوانلێو لەساتەوەختە هەلاهەلاکان، زەمەن لەقەسیدەکانی بەختیاردا سەفەرێکە بەرەو نادیارو بە خەیاڵی ئەو مەملەکەتە ئەفسانەیی‌و دوردەستانەدا تێدەپەڕێ کە تیایاندا زەمەن شوناسێکی دیاریکراو و پێناسەیەکی سنورداری نییەو بێئەندازە قوڵە لەماناداو بێئەندازە میتا حیکایەت‌و میتاشوێن‌و میتافەنتازیایە، دەرەنجام قەسیدەکانی بەختیار شکاندنی سنورەکانی روانینە لەماناو واتاو حیکایەت‌و وێناکردندا، هێندەش هەوڵێکی گەورەیە بۆ سازکردنی کلێشەسازییەکی دیکەی ئۆنتۆلۆژی‌و ژینالۆژی بۆ قوڵکردنەوەی وێنەو وێناکردن‌و شکاندنی سومبولی حیکایەتامێزو نرخ‌و بەها ترادسیۆنەکانی روانین بۆ شیعر. هاوکات قوڵبوونەیەکی فەلسەفیە لەگریکەوە بۆ حەکیمەکان‌و پەیامبەرو گەریدەکان تا نیتشە.

پڕاوپڕ لەهەر هەنوکەیەکی جیاوازو لەهەر دیمەنێکی وێناکراوی پاش ئەو خەیالگە کۆنکرێتییەی زەمەن تیایدا جوگرافیایەکی دیاریکراوی هەیەو وێناکراوێکە لەروانینی هەر یەکێکماندا هاوشێوەیەو مەودایەکە هەموومان تیایدا کۆدەبینەوەو سەرجەم شتەکان لەوێناکراوەوە بۆ بینراوەکان لەنەبینراوەکانەوە بۆ بوونەوەرە ئەفسانەیی‌و فەنتازییەکان دەبنە بوونەوەرگەلێکی بیرکەرەوەو قسەکەرو عەدەمی.

ئەم شێوازی هەڵوەشاندنەوەیە لەزەمەندا یەکێکە لەشێوازە مۆدێرنەکان لەدنیای ئەدەبی ئێمەداو فەرهەنگێکی باڵاترە لەهەر خەیالگەیەکی ئایدۆلۆژی‌و یادەوەرگەرا کە خۆیان بە خاوەنی سەرلەبەری حیکایەتەکان‌و بەسەرهاتەکان‌و یادەوەرییەکان دەزانن‌و زەمەن لەلای ئەوان دابەشکراوێکی ئەخلاقیەو بەسەر خەیاڵ‌و رەمزو بەهاکانی ئەو رووبەرەدا دابەشدەبن، هەر روانینێك لەتوانایدا بێت لەو هالە گەورەیەی زەمەن خۆی دەربازبکات‌و خۆی بەخاوەنی هیچ کام لەو چیرۆکانە نەزانێت‌و زەمەن لەلای ئەو دابەشبوویەکی ئەخلاقی نەبێت، ئەوا لەتوانایدایە لەجیاوازییە مەعریفی‌و ئەدبییەکانی خۆیەوە بڕوانێتە دنیای وێناکراوی دەرەوەی ئەو بەرجەستەکراوانەی کە سنورو چوارچێوە بۆ هەر وێنەیەك‌و خەیالگەیەك دادەنێن‌و تەواوی روانینەکان لەدنیای رامکراوی ترادسیۆنێکدا راڤەدەکەن. دواجار لەتوانیدایە کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو سستراکچەرە کۆنتکرێتییە بکات کە دنیا دابەشدەکات بەسەر پیرۆزو ناپیرۆزدا، بەسەر

چاکەو خراپەدا، شۆڕش و ناشۆڕشدا، زەمەنی پڕ لەحیکایەت و زەمەنی خاڵی لەهەر حیکایەتێك، واتا دەتوانێت سنوری وێناکردنێکی فۆتۆیی بەرجەستەکراوی سنوربۆکێشراوی دووبارە تێپەڕێنێت.

ئیمیل بنۆنیست دەڵێت: "واتایی وشە، توانای وشەیە بۆتێکەڵبوون لەتەك یەکەیەکی دیکە کە لەئاستێکی (کامڵتر)دایە." بەختیار عەلی لەڕێی دنیابینییەکی وجودیانەوە گەردوونگەرای ئەو گومانە دەکات کە لەنیتشەوە سەرچاوە دەگرێت و تائەوڕۆکە فەلسەفەیەکی جیاوازە بۆ تەماشاکردنی دنیا. دەرگاکان دەقێکە وەك هەموو دەقە شیعرییەکانی بەختیار عەلی، بەڵام روانێکی عارفانەو گومانێکی فەلسەفی گەورە لەپشتیەوە کاردەکات بۆ بەرپاکردنی رووبەرێکی دیکەی رامنەکراوی وێنەو فەلسەفەی ئەو ساتانەی دەکەونە دەرەوەی حیکایەتەکان و ئەو یادەوریە کۆنکرێتییەی کە تائەوڕۆکەش گەنجینەیەکی گەورەیە بۆ ئەو شاعیرو ئەدیبە حیکایەتخوانانەی کە بوونەتە مێژوونوسێکی تەمەڵ بۆ نوسینەوەی یادەوەری بە زمانێکی شیعری سۆزامێزو نۆستالژی. ئەم روانینە جیاوازە کە دنیابینییەکی پێغەمبەرانە سەرچاوەکەیەتی، یەکێك لەو سەرچاوانەی دنیابینی مەسیح بۆ دنیا، بەڵام لەدنیابینییەکی فەلسەفییەوە بۆ خەیاڵگەیەکی ئەدەبی، بەکارهێنانی تەکنیکەکانی مەسیحە لەتەماشاکردن و ئاماژەداندا، بەڵام جیاوازترو ئاڵۆزتر، ئەوەی مەسیح بە ئیمەی دەڵێ پڕە لەئامۆژگاری، بەڵام ئەوەی بەختیار لەڕێی قەسیدەکانییەوە وێنایدەکات و ئاماژەی بۆ دەکات تەواو پێچەوانەی هەر ئامۆژگارییەکە کە لەئایدیایەکی دیاریکراودا کۆبکرێتەوەو وادەیەکی دیاریکراوی فیردۆس لەپشتییەوە بێت. بەڵام لەپشت هەر وێناکراوێکی شیعریەوە لەلای بەختیار وێناکراوێکی گومانلێکراو هەیە، سەرزەمینێك هەیە لێوانلێو لەگومان، بەڵام خاڵی لەهەر چاوەڕوانییەکی هەستپێکراو. بەڵام قوڵ بیرکردنەوەو وێناکردنی گەریدەیەکە کە بە قوڵایی شتەکان و وێنەکان و خەیاڵگەکان و خەونەکان و نەخشە ئەفسانەییەکاندا تێدەپەڕێت.

پاکژبوونەوە لەهەر ئاینێکدا بەستراوەوە بە باوەڕو پەشیمانبوونەوە لەهەر گوناهێك و حیکایەتێك کە هەڵگری هەستپێکراوێکی لادرانەو خەیاڵپێکراوێکی جیاواز بێت لەدەرەوەی ئەو ترادسیۆنە بەکۆمەڵەی کە روانین بەسەر پێکهاتە هەرە بنەڕەتییەکانی یادەوەریدا دابەشدەکات و دوورتر لەو دنیا پیرۆزەی کە گوناهەکان دەکەونە دەرەوەی خەیاڵدان و ئەو ئاستە ژیارییەی کە یەقین لەرووبەرێکی دیاریکراوی پیرۆزدا پۆلێندەکات.

شکاندنی رەمزەکان هەوڵێك نییە بۆ گەڕان بەدوای رەمزێکی دیکەو بەهایەکی دیکەدا، شەڕ لەگەڵ ئەو سەرمایە رەمزییەی یادەوەری و حیکایەتەکاندا ململانێیەکی گەورەیە کە لەناوەوەڕا کۆکەرەوەی سەرلەبەری دژەکانەو خەیاڵگەیەکە بۆ کاڵکردنەوەی یەقین و رەها، بەڵام پڕ لەگومان و تێڕامانی گەورە. هاوکات ئەو تەکنیکە لەدەرەوەڕا گەردوونگەرای ئەو زەمەنە ناکات کە ساتەوەختەکان بەسەر خۆیدا دابەشدەکاتەوەو سەرەنجام دەکاتەوە خۆی، ئەو زەمەن بەسەر دنیابینییەکی جیاوازدا دابەشدەکات، بەڵام سەرەنجام ناکاتەوە خۆی و هیچ یەکەیەکی هەنوکەیی و ساتبەساتی روانین لەدەرەوەی هەر یەقینێك دابەشنابێتەوە بەسەر زەمەن و شوێن و حیکایەتەکاندا، ئەم فەلسەفەیە هەوڵێکە بۆ کارکردن و دنیابینی لەناشوێن و نازەمەن و ناحیکایەتدا. ئەو روانینە فەلسەفییە بۆ دنیا بەبێ گەڕانەوە بۆ یادەوەری و هیچ لەو حیکایەتانەی کە لەیەك دەچن و لەتاکەیەك یۆتۆبیاو یەك یادەوەری بەکۆمەڵدا تەواودەبن و بەرهەمهێنەری هەر یەقینێکن کە خاڵییە لەهەر یۆتۆبیایەکی دەرەوەی زەمەن و ئەو سەرزەمینە هەستپێکراوانەی کە مرۆڤ بەسەر جوگرافیاکانیدا دابەشدەبێت، هەوڵێکی گەورەیە بۆ خولقاندنی سەرزەمینێکی دیکەی روانین و خەیاڵگەیەکی ناسنورداری قوڵ لەتێڕامان و خاڵی لەیادەوەری، لێوانلێو لەگومان و خاڵی لەیەقینی حیکایەتێکی نەبڕاوە.

**لەم بەیانییە ساردەدا**

**هەندێك مردووەکانی خۆیان دەهێنن لەباغەکانی خەیاڵدا بینێژن**

**هەندێکیش زیندووەکانی خۆیان لەباغی حەقیقەتدا نابینن**

**باڵندەکان وادەزانن ئەم مردنانە جەنگەڵەکانی خەیاڵن و**

**بازدەدەنە ناو ریوایەتە ساردەکانیانەوە**

**مردووەکان وادەزانن ئەم زیندەگیە خەیاڵەو دەگەڕێتەوە**

**هەندێك بۆ بەهەشتی لەدەستچووی خۆیان لەدەرگا دەدەن**

**هەندێکیش لە لەدایکبوونەوە بۆ دەرگاکان دەگەڕێن، بەڵام نایدۆزنەوە**

**نەورەس دەناسم پشتاوپشت بۆ دەرگاکانی ئاسمان دەگەڕێت**

**گوڵ دەناسم لەباخچەکاندا پشتاوپشت لەدەرگای باخچە دەپرسێت.**

**(کۆی بەرهەمە شیعرییەکان/ ل72-73)**

کوشتنی رابردوو

لیۆ شتراوس لەڕێی ئاماژەیەکی قورسەوە ئەو قوڵاییە واتایی و زمانەوانییە دەدۆزێتەوە کە جیاوازییەکی گەورە دەخولقێنێت لەنێوان روانینی کۆن و ئەو سیستمی ئاماژەییەی کە خولقێنەری دنیابینی شاعیرەو دەڵێت: "شاعیر لەدەرەوەی پانتایی دەربڕین و ئاماژەگەری خەریکی دەربڕین و ئاماژە دەبێت، واتە لەدەرەوەی سنوری فەرمانڕەوایی زماندایە. بەبۆچونی شاعیر وشە ئامرازێکە کە بواری پێدەدا تا لەزمان بۆ تێکشکاندنی هەمەلایەنەی زمان کەڵك وەرگرێ، یان بەدەربڕینێکی باشتر دەیەوێت ئاماژە لەنێوبەرێت." سەرباری ئەوەی زمان پێکهاتەی سیستمێکی یەکانگیرو ئاڵۆزە بۆ بەرهەمهێنانی ماناو نیشانەو ئاماژەو سومبول و بەها، هاوکات نەخشەیەکی گەورەشە بۆ دۆزینەوەی جوگرافیاو ژینالۆژیای وشەو ئامرازو ئاماژەکان. گرینگترین پێکهاتەی زمان جیاکردنەوەی رابردووە لەئێستاو ئاماژەسازییە لەڕێی ئامارازگەلێکی نەخشەئامێزەوە بۆ دانانی ستانداردێکی زمانەوانی بۆ ئێستاو رابردوو و ئایندەو بەردەوامی. بەڵام شاعیر دێت و زۆرێك لەم ئاماژەو ئامرازانە هەر لەڕێی زمانەوە تێکدەشکێنێت و ئەو سیستمە تۆکمەیە هەڵدەوەشێنێتەوەو نەخشەیەکی دیکەی نابەرجەستەکراوی لێدروستدەکات.

مەرگی رابردوو، نەگەڕانەوە بۆ سەروەختێك کە ئەوڕۆکەو ئێستاکەو داهاتوو بەیەکەوە گرێدەدات و لەسەریەك هێڵی گشتگیر کۆیان دەکاتەوە، زەمەن لەلای بەختیار عەلی و لەناو کۆی قەسیدەکانیدا هێندەی ئیشکردنە لەنادیاردا، هێندە نزیکبوونەوە نییە لەجوگرافیاکانی روانین، هێندەی کارکردنە لەساتەوەختەکاندا هێندە رووبەرێك نییە لەیادەوەری ساتەکان، بەواتایەك بەختیار عەلی کار لەسەر کوشتنی رابردوو دەکات. کار لەسەر نەگەڕانەوەو دووبارەنەکردنەوەی ئەو سەروەختانە دەکات کە دابەشدەبنەوە بەسەر یادەوەریدا، هاوکات ئەوەی بەختیار لەشاعیران و ئەدیبانی پێشخۆی جیادەکاتەوەو بەجیاوازی دەهێڵێتەوە ئەو روانین و وێنەو رەمزانەیە کە لەوێناکراوێکی رامنەکراودا یۆتۆپیایەکی دیکەی هەنوکەیی دەخولقێنێت. هەروەها بایەخنەدان و نە گەڕانەوە بۆ یادەوەری ئەرکێکە دەیان هێندەی ئەو حیکاتانە قورسترە کە بەناوی شیعرو رۆمانە شیعرەوە بڵاودەبنەوە، بگەرە هەر بەراوردناکرێن.

ئەگەر لێرەدا کەمێك بگەڕێینەوە سەر ژینالۆژیای یادەوەری، ئەوا پێویستە کار لەسەر پێکهاتە هەرە دیارەکانی ئەو

نێوەندی زەمەنە بکەین، کە یادەوەری بۆخۆی کارەکتەرێکی هەستپێکراو و تەواو دیاریکراو نییە، لەدەرەوەڕا کۆنترۆلی تەواوی هەنوکەکانی ئەو نێوەندی ژیانە دەکاتو دەکارێ (ئێستا) وەك سەروەختێکی زەمەنی ئاراستەی ئەو رووبەرە نادیاریکراوەی یادەوەری بکات کە وەك تەونێکی جاڵجاڵۆکەیی سەروەختەکانی رابردووی تێکرا پێکەوە گرێداوە. کەواتە یادەوەری فەلسەفەیەکە بۆ راڤەکردنی ئێستا بە دووربینەکانی رابردوو، یادەوەری منالییە، هاوکات گەڕانەوەیەکی نۆستالژییە بۆ نیشتیمانو شۆڕشو زاکیرەی نەتەوەیەكو حیکایەتی کۆمەڵگەیەك لەئاستێکی نادیاریکراوی ژیاریدا.

یادەوەری شەڕێکە دژی ئێستاو تەواوی ئەو یۆتۆبیایانەی کە دەکەونە دەرەوەی ئەو خەیاڵگە کۆنکرێتییەوە. هاوکات رووبەرێکی دیکەی یادەوەری بریتییە لەبەرپاکردنی پانتاییەکی نەریتی لەنادیارەوە بۆ نادیارو فەرامۆشکردنی هەر یۆتۆبیایەکی دیکەو قفڵکردنی ئەو رووبەرە لەهەر دنیابینێکی نەشازو یۆتۆبیایەکی ئێستایی. رابردوو وتەزایەکی بەرفراوانی قسەکەرە بۆ بەستنەوەی ئێستا بە هەر خەیاڵگەیەکی بچوکی مەودایەکەوە کە زادەی حیکایەتەکانەو پەردەیەکی هەڵبژێرە پیارۆیە کە تەنها ڕێ بەو تەنانە دەدات کە لەخۆی دەچن پیایدا تێپەڕنو لەمیوەکانی یادەوەری بخۆنو لەدەریاکانی ئەو حیکایەتانەدا سەوڵ لێبدەن کە دەچنەوە سەر هەمان کەنارو هەمان سەرزەمینی بەڵێنپێدراوی ئەو یۆتۆبیا نۆستالژییەی کە مرۆڤ دابەشدەکاتەوە بەسەر دوو بوونەوەری جیاوازدا کە یەکێکیان تەواو واقعییەو ئەوی دیکەشیان بوونەوەرێکی تەواو خەیاڵیەو وێنەیکی تەواو پێچەوانەی خۆیەتی. ئەم یۆتۆپیایەش کاردەکات بۆ قوڵکردنەوەی ئەو پەیوەندییەی کە ئێستاکانو رابردووەکانو ئایندەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

یادەوەری چۆن لەهەموو تاکێکدا لەهەموو کەرەستەیەکدا، لەهەموو سەروەختێکدا بەرجەستەدەبێتو لەکلێشەیەکی ئێستاییدا وێنادەکرێتەوە، هاوکات بە تەرزی جیاجیاو لەخەیاڵگەی جیاوازدا لەتاکەکانو گروپەکانو گوتارەکانو قسەکەرەکانو حیکایەتخوانەکاندا داغڵی دوو قەیرانی گەورە دەبێت، قەیرانی یەکەم فرسەتەکانی ئەو نۆستالژیا سەرتاسەرییەیە کە ئێستا داگیردەکاتو بەردەوام کار لەسەر ئامادەکردنەوەی یادەوەری دەکاتو لەسەروەختەکانی ئێستاو پەروەردەکردنی ئەو خەیاڵدانە کۆئامێزە لەئێستایەکی بەیادەوەری بەرجەستەکراودا. قەیرانی دووەمیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە یادەوەری چۆن خەیاڵگەیەکە لەنادیارەوە سەرچاوە دەگرێت، هاوکات بەو کەرەستە کۆنو هەژارانەوە ناتوانێت لەئێستادا بژی لەبەرئەوە ئەو روانینە بەردەوام لەهەوڵی گۆڕینەوەی رابردوودایە بەئێستا، گۆڕینەوەی فەنتازیاکانی رابردوو و بە هەڵکەوتەکانی ئێستا، وێکچواندنی ڕێکەوتەکانی ناو مێژوو بە وێناکراوەکانی ئێستا، گۆڕینەوەی حیکایەتەکانی ئەو رووبەرە نادیارەی یادەوەری بە حیکایەتە مۆدێرنەکانی ئێستا.

**دەرگاکان نیین...نین...نین**

**کەچی من هەر باس لەوەهمی قاپیە سیحرییەکان دەکەم**

**باس لەزرینگەی پۆلاینی باڵەکان دەکەم، لەسەر نقێمێکی دەروازەکان/ لەگووتنەوەی نەفقە ئەرخەوانییەکان بۆ نەوازشی ئەو/ لەستایشی بولبول بۆ سەدای بەهار لەودیو دەرگاکانەوە/ دەڵێم وەسفی روحی ئاسکەکان بکە کە خۆیان دەکێشن بە دەرگاکانی پیرێتی باخچەدا/ ستایشی گەماڕۆی مێگەلە زیوینەکان بکە بۆ تەنهایم/ بەم ئەسپە بریقەدارە بڵێ کە خواجایەکی ژەنگاوی هەڵگرتووە: با لەگەڵ شیوەنی خۆیدا سمکۆڵبکات...سمکۆڵی یەکێك کە رەشەباکان دەڵێتەوە. (ل113)**

وێنەو وێناکراوە فەنتازییەکان تەنها گوزارشت نیین لەمەودایەکی دیکەی سیحرامێزو رەهەندێکی دیکەی دەرەوەی روانینو دەرەوەی شوێنو زەمەنو ساتەوەختە سروشتییەکان، بەڵکە گەلاڵەکردنی دنیابینییەکە خاڵیتر لەهەر روانینێکی کۆنکرێتیو پڕتر لەهەر تەماشایەکی قوڵو پڕ ماناو رەنگاڵەتر لەهەر خەیاڵێکی سادەو سروشتی.

ئەم قەسیدەیە تەنها پەخشانەشیعرێکی سادە نییە، بەڵکە پەخشانە شیعرێکی دراماتێکی پێکهاتەییە لەنێوان فەنتازیاو سوریالیزمو ئەبستراکتدا، بەواتایەك مەودایەکی بەرفراوانە لەماناو کەشفی میتاسروشتیو میتافەنتازیدا.

لەراستیدا تائەوڕۆکە کەمنین ئەو ناوەندو تاكو گروپو روانینانەی کە لەستراکچەرێکی نۆستالژییەوە سەرچاوەدەگرنو رابردوو رووبەرێکی گەورەی یادەوەرییەو خەیالگەیەکە بۆ وێناکردنەوەی ئێستا، کەمنین ئەو حیکایەتخوانانەی یادەوەری کە هێندە وابەستەی ئەو وتەزا داخراوانەن کە ئەگەر یادەورییان لێداماڵی یان داماڵرێن لەنۆستالژیا خاڵیدەبنەوە لەهەر روانینێك لەئێستادا، بەتاڵدەبنەوە لەهەر خەیاڵدانێکی ساتەوەختیو نازەمەنیو ناشوێنگەرایی، دواجار خاڵیدەبنەوە لەهەر دنیابینییەکی موزەیفو ساختەو دەمامککراو. ئەو ترادسیۆنە داخراوەی کە لەئێستادا ناژی ناتوانێت رووبەرەکانی داهاتوش وێنابکاتو رایەڵێکی لەدەرەوەی زەمەنو لەدەرەوەی جوگرافیا داخراوەکان هەبێتو لەدنیابینییەکدا دیالۆگ دروستبکات کە رووبەرێکی نادیاریکراو و ناماتریال بێت، لەبەرئەوەی دنیای ماتریال دنیایەکە بۆ داگیرکردنی جوگرافیاکانی روانین لەخەیالگەیەکی زەمەنیو لەکارخانەیەکی گەورەی واقعو شوێنگەیەکی فراوانی نۆستالژی یان ئایدۆلۆژی.

**من بەربومی مردنتان لەبەروبومی شەو بۆ جیادەکەمەوە**

**من دەغڵی تاریکیتان لەدەغڵی بەرەبەیان بۆ جیادەکەمەوە**

**خەرمانی دوای جەنگتان لەخەرمانی دوای عەشق بۆ جیادەکەمەوە...**

**سێوەکانی فیتنەتان لەسێوەکانی ئارامی بۆ دەردەهێنم.**

**تۆش ئەی ئەوەی پێتوایە، ئەوەی یارییەکی بردەوە، ژیانی بردۆتەوە. ئەی ئەوەی پێتوایە، ئەوەی کلیلێکی بردەوە، دەرگاکانی بردۆتەوە.**

**من مژدەی چاوەڕوانییەکی درێژترت دەدەمێ، کە لەپشت گەردەلولەکانەوە... لەناو بورجەکاندا ... لە قوللە ئەرخەوانییەکانی روانینی تەنهایانەدا، من رقم لە دڵنیاییە کاتێك دەزانین دڵنیایی تەنیا گۆرانییەکە بۆئەوەی لەناوەڕاستی نائومێدیدا خەومان لێنکەوێت...(ل103)**

خولقاندنی رووبەرێکی گەورە لەگومانی وجودیانە، تەنها بەرپاکردنی خەیالگەیەك نییە بۆ روانینو دروستکردنی فەنتازیا، بەڵکە دەستبردنە بۆ ستاندارده ئەخلاقییەکانی بینینو بەرجەستەکردنو ستایلە کۆنکرێتییەکانو شەڕێکی گەورەشە بۆ شکاندنو لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی دڵنیاییە گەورەکانو حیکایەتە گەورەکانی رەهاخوازیو شێوەخوازیو ستایلخوازی، ئەوەی لەلای شاعیرانی سروشتگەراو غەزەلخوانو شاعیرە حیکایەتخوانەکان دەبنە ستایلو شێوەو وێنەی بەرجەستە لەقەسیدەکانی بەختیار عەلیدا تەواو پێچەوانە دەبنەوە یان خوێنەر دەخاتە نێو رووبەرێکی گەورەی گومانەوە لەشتەکانو لەبینراوەکانو دواجار وێنەو وێناکراویکی سیحریو ئەفسانەیی یان فەنتازیان پێدەبەخشێت.

هاوکات کەمنین ئەو نوسەرو شاعیرو حیکاتخوانانەی کە لەسەر پاشماوەکانی رابردوو ئەلەوەڕنو لەسەر بەرماوەی یادەوەرییەکانی خۆیانو مێگەل دەژینو خوانی ئێستای پێ زەخرەفەدەکەن. ئەوڕۆکە ئەوەی سەرچاوەیەکی دیاری ئێستایی نەبێت بۆ مەعریفەیەکی جیاوازو دنیابینییەکی جیاواز هیچی کەمتر نییە لەو دەریاوانە پیرەی کە بەدیار ماسییە رزیوەکانی خەیاڵیەوە دەمرێت، ئەوڕۆکە پێویستە لەوە تێبگەین کە دنیابینییەکی دیکە لەئارادایە، بە ئەندازەیەك ئەو خەیاڵە دەشکێنێ کە سەرچاوەکەی تەنها یادەوەرییە، کە پارچە هەلاهەلاکانی ئەو زاکیرەیە بەهیچ میکانیزمێکی دیکەی ئەو ترادسیۆنە نایەتەوە سەر کلێشەی یەکەمجارو خەیالگە هەرە سەرەتاییەکی دروستبوونی،

بەواتایەك نایەتەوە سەر هێڵی ئەو شەمەندەفەرەی پڕە لەبەهای نوێو مانای نوێ بۆ دنیابینیو قسەكردن لەسەر ئێستاو هەڵوەشاندنەوەی ئەو دنیا داخراوەی كە یادەوەرییەو پڕە لەهەر روانێك لەنۆستاژیاوە بۆ نۆستالژیا، بەلاّم خاڵییە لەهەر روانێك لەخودەوە بۆ دنیابینییەكی جیاوازو لەزەمەنەوە بۆ نازەمەنو ناشوێنو نائایدۆلۆژیا.

ئەو رووبەرەی یادەوەری داگیریدەكات، كەمتر نییە لەرووبەرەكانی ئێستاو رووبەرەكانی هەنوكەو ئایندە، لەبەرئەوە روویەكی دیكەی یادەوەری بۆكسی ژمارەكانە، لەكاتێكدا ئەم بۆكسە تەنها هەڵگرو حەشارگەو دۆكۆمێنتاری ژمارەی رۆژەكانو مانگەكانو ساڵەكانو سەردەمەكان، شەڕەكانو گوشتارگەكانو عیشقەكانو گومڕاییەكانو سەروەرییەكانو سەركردەكانو فەنتازیاو كاریزماكانیان نییە، بەڵكە تۆمارگەیەكی گەورەی ژیانە لەسەر رووی پانتاییە ژیارییەكانی جەستەو خەیاڵو عەقڵی ئێمە، بەڵكە تۆمارگەیەكی گەورەی ژیانە لەنێو پانتاییە ژیارییەكانی جەستەو خەیاڵو عەقڵی ئێمە، بەڵكە زۆر لەوە ئاڵوزترە كە مرۆڤی مۆدێرن مەوداكانی بخوێنێتەوەو لەخواستەكانی خۆیداو لەجوگرافیاكانی بیركردنەوەو دنیابینییەكانی خۆیدا راڤەیانبكاتو رایەڵەكانی پەیوەندی خۆی بە سەرلەبەری ئەو مەودایانەوە بدۆزێتەوە كە دووبارە راڤەی دەكەنەوە. هەڵبەت ئەو تۆمارگەیە هەروا سادەوساكار نییە، بەڵكە زۆر لەوە ئاڵوزترە كە مرۆڤی مۆدێرن خانەوشانەكانی لەیەكتری جیابكاتەوە، بەواتایەك ئەو تۆمارگەیە لەلایەك خاوەنی هێزێكی راكێشانە كە چەند هەزار ئەوەندەی هێزی راكێشانی زەویە، خاوەنی خەیاڵدانێكە بۆ جیاكردنەوەی حیكایەت لە ئێستاو بە حیكایەتكردنی هەموو شتێك كە دەكەوێتە نێو مەوداكانییەوە، بە واتایەكی دیكە تۆمارگەیەكی گەورەی نۆستالژییە لەسەر رووكاری پانتاییە ژیارییەكانی جەستەو خەیاڵو عەقڵی مرۆڤگەلێكی شاراوەو فەرهەنگێكی نائاشكرا. لەلایەكی دیكەوە ئەم تۆمارگەیە خاوەنی دەزگایەكی گەورەی تۆماركردنە كە هیچ ئامێرێكی دیكەی تەكنۆلۆژی لەئاستی گێڕانەوەی ئەو حیكایەتانەدا نییە، كە هەر جارەو لە مەودایەكی جیاوازدا پێشكەشدەكرێنەوە. هاوكات خاوەنی پۆلێنكارییەكی بێ ئەندازەیە كە دەسەلاّتی پۆلێنكردنی زەمەنو شوێنو مرۆڤو ژینگەو كولتورو نەریتو خەیاڵو فەنتازیاو بەهاو رەمزەكانی هەیە، هەڵبەت ئەو تۆمارگەیە كار بۆ كاریگەرییەكانو بەسەرچوەكانو ئێستاكان دەكات، لەبەرئەوە داماڵینی ئێستا لەرابردوو، یان داماڵینی هەنوكە ژیاریو دنیابینییەكانی ئەم ساتەوەختە لەجومگەكانی یادەوەریو لەخەیاڵدانەكانی كارێكی هێندە ئاسان نییە، چونكە ئەو سیستمەی ئێستاكان بە یادەوەرییەكانەوە دەبەستێتەوە، تەنها بەگەڕخستنی كەرەستەكان نییە لەمەودایەكی داخراوی سروشتیدا، هاوكات ئەو ترادسیۆنەی منی مردوو بە منی زیندووەوە دەبەستێتەوە ئیرادەیەكی شاراوەیە بۆ بەرهەمهێنانی سروتێكی كۆمەلاّیەتی گوێگرتنو راهاتنو ئالودەبوون، هەڵبەت كاركردنیشە لەسەر پشكنینی ئێستا بە مایكرۆسكۆپی یادەوەری، بەكاربردنی نادیارەكانە بۆ شاردنەوەی ئێستاو هەر خەیاڵێك لەدەرەوەی ئەو روانینە كۆنكرێتییە، دەرەنجام ئەم دۆخە دەگاتە داماڵینی ماناكانو رووتكردنەوەی ئێستا لەهەر بەهایەكی ئێستاتیكیو دارشتنەوەی بە پێكهاتەگەلێكی حیكایەتیو دابەشكردنەوەی بەسەر زەمەندا.

كێشەی هەرە گەورەی یادەوەری دووبارەكردنەوەی خۆیەتی لەلایەكو دووباركردنەوەی رەمزو بەهاكانو ماناكانە لەئێستادا بۆ دروستكردنی خەیالگەیەك كە جێی تەواوی ئەو هاومانـاو هاوواتایانەی خۆی تیادا جێبكاتەوە. لێرەوە دەگەینە سەر تێزێكی دیكەی یەكلاییكەرەوە لەنێوان یادەوەریو دووبارەبونەوە، كە دنیابینییە جیاوازەكانی دەرەوەی ئەو ترادسیۆنی روانینو حیكایەتانەیە كە كار لەسەر تۆخكردنەوەی ئەو ناوەندە نۆستالژییە دەكەن.

**دەرگاكان داخراون... دەرگاكان ناكرێنەوە**

**که دەرگاکان نەکرێنەوە.. جەنگ یاری نێوان زیندەگیو سێبەرەکانێتی**

**شۆڕش هاتوچۆکردنی مردنە، لەنێوان دیوارەکانی یەك ژووردا**

**عەشق کۆتایهێنانێکی نائومێدانەیە بە نائومێدی**

**بەهار کۆتایهێنانێکی پایزانەیە بە پایز**

**که دەرگاکان نەکرێنەوە.. دەبێت مردووەکانمان لەدیوارەکاندا بنێژین، خوا**

**لەدیوارەکان داتاشین، مانگ لەشوشەی شکاوی پەنجەرەکان بەرلە هەڵچنینیان بە لاشەی کوکوختییەکان.**

**دەرگاکان ناکرێنەوە، ئەگەر هەموو زەنگەکانیش بشکێنین، دەرگاکان ناکرێنەوە. (ل80 )**

بەکارهێنانی دەرگا"وەك دەروازەو روانینێکی دیکە، وەك دنیایەکی دیکە لەدەرەوەی دنیای داخراوی دیوی ناوەوەی شوراوو دەرگاکان"بەرلەوەی وێنەیەکی بەرجەستەکراو بێت، وەك تەواوی ئەو وێنە دیاریکراوانەی نێو حیکایەتو ئەو ماشێنە گەورەیەی یادەوری، دەرگاو دیوارو هەر بەربەستێکی بەکارهاتووی نێو ئەم قەسیدەیە دنیایەك وێناکراوی سایکۆلۆژیو فەلسەفیو فەنتازی لەپشتەوەیە، دەرگا خاڵی پەیوەندی نێوان تاکەکەسو هەبووەکانە، جومگەی پێکەوەبەستنەوەی واقیعە بە خەیاڵەوە، روانێکی شەفافە لەدەرەوەی نابینایيو دنیای پەنهانی رێکەوتە ئەفسانەییو فەنتازییەکان، پنتی شاراوەی نێوان ئەو مرۆڤە خەیاڵییەی نێو خۆمانو ئەو جەستە خامۆشەی ناو ژیانە، لەپشت دەرگاکانەوە ئارەزوویيەکی سەرمەدیو چێژێکی یەزدانی هەیە، خەیاڵێك هەیە مەوداکانی هەزاران ئەوەندەی ئەو رەهەندە بچوکانەیە کە ناچنەوە سەر روانینو خەیاڵی هەلاهەلای نۆستالژیایەك لێوانلێو لەحیکایەتو خاڵی لەهەر مەودایەکی ئێستایی بۆ هەنوکەو داماڵینی ئێستا لەیادەوەری. کە لەچاوەڕوانی زاهیدێکەوە دەستپێدەکات بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، لەخەیاڵی پێغەمبەرو حەکیمێکمەوە بۆ ئارەزووە شکاوەکانی جەلادێكو کۆکردنەوەی هەر یەك لەم مەودا فەنتازیانەو سەرەنجام داغڵی ململانێیەك دەبیت لەگەڵ خۆتداو گرفتاری گێژاوێکی گەوەری بەریەککەوتن دەبیت لەگەڵ ئەو مرۆڤە خەیاڵییەی ناخی خۆتو ئەو بوونەوەرە واقیعییەی ناو مەودا داخراوەکانی ژیان.

لیۆ شتراوس زۆر بەقوڵی ئاماژە بەو پەیوەندییە فەلسەفییە گەورەیە دەدات کە پێکهێنەری کلێشەسازییەکی ئیستاتیکیو جەوهەرییە لەنێوان زمانو هونەرو شیعرداو دەڵێت: "شیعر لەنیوە رێگای هونەرو زماندایە، پەیوەندی لەگەڵ زماندا هەمان پەیوەندی نیگارکێشە لەتەك بابەتدا." دواتر رونکردنەوەیەکی زیاترمان دەداتێ .."زمان کەرەستەی سەرەکی کاری شاعیرەو بە یارمەتی ئەم کەرەستەخاوە تێدەکۆشێ تا باوەڕەکانو چەمکەکان هەرچەندە چەندان ورد نەبن دەربڕێ." لیۆ شتراوس پتر لەسەر ئەم تێڕوانینە پێدادەگرێو راڤەی دەکاتو دەڵێت: "شاعیر رەهەندێکی تازە بە گوزارشتە تازە زمانییەکان دەبەخشێ"وادێتە بەرچاو کە شیعر لەنێوان دوو رێسای پێکناکۆك(پارادۆکس)دایە": "کردەی ئاوێتەکردنە زمانییەکانو کردەی لێکدابڕانی واتاییە." زمان چۆن دابشکراوێکی واتاییە، هاوکات ئاوێتەسازییەکی زمانەوانیشە، سازکردنو خولقاندنی گوزارشتو دەربڕینو وێناکردنو واتابەخشینی نوێ کارە هەرە بنچینەییەکانی شاعیرە بۆ خولقاندنی شیعر لەنیگارێکی زمانەوانی نوێدا، بەلام بە زمانێکی تازەو دەربڕینو گوزارشتی نوێ.

بەواتایەك کۆکردنەوەی ئەو روانینانە لەمەودایەکی لێکدژو بیرکەرەوەی فراواندا، فەلسەفەیەکە بۆ داماڵینو روتکردنەوەی وێنەو وێناکراو و سەرمایيە رەمزییەکان بۆ سەرچاوەکانیانو بەرهەمهێنانی خەیاڵدانێك لێوانلێو لەلێکدژو چێژی جیاجیاو وێناککراوی بەرجەستە، بەلام سەرچاوەکانی ئەم گەڕانەوەیە نە یادەوەرییە، نە سود لەو

حیکایەتانە وەرگیراوە کە مرۆڤەکان لەسەرمایەکی رەمزی ساختە یان کەرنەڤالێدا کۆدەکاتەوە. هەرچەند نۆستالژیا لەلای بەختیار عەلی تەواو جیاوازترە وەك ئەوەی لەلای زۆرێك لەشاعیران‌و ئەدیبان لەئارادایە، بەواتایەك نۆستالژیا لەلای ئەو سۆزگەلێکی ئارەزوبەخش نییە لەرابردوو، مێژوو دەکەوێتە دەرەوەی ئەو چێژو وێنەو مەدلولانەوە، حیکایەتێك نییە ببێتە سەرچاوەیەکی کاریگەر بۆئەو نۆستالژیایە، بەلاّم خەیالّێکی نوێ‌و سۆزگەلێکی عارفانە لەپشت هەر گەڕانەوەیەکەوە ئامادەیەو تێکەڵەیەکە لەئێستاو فەنتازیایەکە لەئایندەو فەلسەفەیەکە بۆ کوشنی نیشتیمان‌و دامالّینی لەهەر مانایەکی کلاسیکی، هەولّێکی گەورەشە بۆ کوشتنی حیکایەت‌و یادەوەری، دواجار فەنتازیای سەفەرێکی گەورەیە بە سەرزەمینە بێسنورو بێکوتاییەکانی روانین‌و ناشوێن‌و ناحیکایەت‌و نازەمەندا.

دەرەنجام قەسیدەکانی بەختیار عەلی کەرنەڤالّێکی بێکۆتاییە لەدەرەوەی زەمەن‌و بەناو زەمەنێکی ئەفسوناوی‌و میتافەنتازیایەکی وێناکراویی زیهنییە بۆ هەلّوەشاندنەوەی مانای شوێن‌و کوشتنی حیکایەت‌و نەخشەکێشانێکی نائەندازەییە بۆ دۆزینەی مانای نوێ‌و گوزارشتی نوێ‌و تێڕامان‌و وێناکردنی لێشاوێك لەبوونەوەری میتافەنتازی نیۆ سەرزەمێنێکی یۆتۆپی لەناشوێن‌و نازەمەن‌و ناحیکایەتدا.


سەرچاوەکان:

1-Modern poem- A Norton Introduction Edited by Richard Elman & Robert O'Clair –Second Edition USA 1989

2-G.Charbonier, Op.pp110-111-113

3-N.Frye, Anatomy of criticism, precision u.p.1973

4-ئۆکتافیۆ پاز، شعر والنهایات القرن.